زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

Kurdistan Region Government
Ministry of Higher Education
and Scientific Research
Erbil Polytechnic University

# Module(Course Syllabus)Catalogue

# 2023-2022

| | | |
|---|---|---|
| **College/ Institute** | پەیمانگەی تەكنیكی خەبات | |
| **Department** | بەشی كارگێری یاسایی | |
| **Module Name** | یاسای دادبینی شارستانی/2 | |
| **Module Code** | CPL302 | |
| **Degree** | Technical Diploma [/] Bachler [ ]<br>High Diploma [ ] Master [ ] PhD [ ] | |
| **Semester** | 4 | |
| **Qualification** | PHD LAW | |
| **Scientific Title** | assistant professor | |
| **ECTS (Credits)** | 6 | |
| **Module type** | Prerequisite [ ] Core [I] Assist. [ ] | |
| **Weekly hours** | 4 | |
| **Weekly hours (Theory)** | ( 2 )hr Class | ( )Total hrs Workload |
| **Weekly hours (Practical)** | ( 2 )hr Class | ( )Total hrs Workload |
| **Number of Weeks** | 12 | |
| **Lecturer (Theory)** | Kawa Yasen Salim | |
| **E-Mail& Mobile NO.** | Kawa.salim@epu.edu.iq 07504826797 | |
| **Lecturer (Practical)** | Kawa Yasen Salim | |
| **E-Mail & Mobile NO.** | Kawa.salim@epu.edu.iq 07504826797 | |
| **Websites** | https://epu.edu.iq/ | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | گرنگی ئەم بابەتە بریتیە لە شارەزابوون لە دادگا و لە مسۆگەر کردنی پارزگاری یاسایی بۆ خەلکی بەبێ جیاوازی, وە ئەم ئامانجە پێویستی بە ئامرازێك هەیە کە بە هۆیەوە دادوەر بتوانێت رۆلی خۆی ببینێت لە دابینکردنی داد پەروەری و گێرانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی هەتاوەکو خەلکی هەست بە ئاسایش و سەقامگیری بکەن, وەئەو ئامرازەی بەدەست دادوەرەوەیە بۆ جیبەجی کردنی ئەم ئامانجە بریتیە لەو رێسایانەی کە لە یاسای دادبینی شارستانی عیراقی ژمارە (83) بۆ سالی 1969 هاتووە, چونکە ئەم رێسایانە رێکارەکانی دادگایی کردن لەبەردەم دادگا رێك دەخەن لو دەستپیکی پیشکەشکردنی عەریزەی داوا وە ئەو مەرجانەی کە پیویستە تیایدا هەبیت, وە لەبەردەم کام دادگا پیشکەش دەکرێت, وە ژ کاتێك کەسەکان بە هاودژ دادەنرین هاتوەکو بتوانری داوایان لە دژ پیشکەش بکریت, وە چەند ئە نجامدانی دادبینی و دەرچوونی حوکم لە داواکە و ریگاکانی تانەگرتن لەو حوکمە.<br>کەواتە کاری یاسایی دادبینی شارستانی بریتیە لەو دیاریکردنی چۆنیتی گەیاندنی ئەو مافەی کە کیشەی لەسەرە و بابەتی داواکەیە بۆ خاوەنەکەی، وەلەبەر ئەو رۆلە مەترسیدارەی ئەوا بە ریگەی گەیشتن بەماف و داد دادنریت سەبارەت بە هەریەکە لە دادوەر و پاریزەرو و لایەنەکان, هەربۆیە وا پیویست دەکات کە ئەم کەسانە زانیارییەکی تەواو و فراوان و قولیان هەبیت بەم یاسایە. |
| **Course objectives** | • بنەما و ئامانجەکانی یاسای مرافعات<br>• یەکەم :ئاسانکاری رۆتین و شکلیە لە کاری دادگەری:<br>• رۆتین لە کاری دادگەری شتێکی تازە نییە ، بەڵکو کۆنە لەگەل کۆنایەتی کاری دادگەری، بۆ نموونە ئەگەر بگەرێینەوە بۆئیجرائاتی دادگەری لە یاسای رۆمانی ئەوە دەبینین کە مەراسیم و رموزو شکلیات خۆی زاڵ کردبووە سەر بونی ماف و داواکردنی بەرامبەر بە دادگا. وە دەرەنجامی ئەو شکلیاتە ئەوە بوو کە هەر خراپ جولانەوەیەك یان جوان بەکارنەهێنانی وشەکانی داوا وای دەکرد کە خاوەن ماف مافەکەی لە دەست بدات.<br>• کارکردن بۆ بەدیهێنانی دادگایەکی داد بە پەلە :<br>• ئامانجی سەرەکی دادگا ئەوەیە کە دڵنیایی پارێزگاری یاسای بۆ خەلکی فەراهەم بکات بەبێ جیاوازی لە نێوانیاندا، وە تەنها دەرچونی حوکمێکی دادپەروەرانە بەس نییە بەڵکو پێویستە ئەو حوکمە سەریع وبە پەلە بێت وە بە کولفە و خەرجییەکی کەم لەسەر خەلکی رابوەستێت.<br>• بەخشینی دادوەر رۆڵێکی باش و پۆزەتیف لە کاری دادگەری : |

| | |
|---|---|
| | • دادوەر ئەو کەسەیە کە دەولەت کاری جێبەجێکردنی یاسای مەوزوعی و ئیجرائی پێ سپاردووە لەو داوایانەی کەدێنە پێشی، هەر بۆیە پێویست بەوە دەکات کەیاسادانەر رۆلێکی گرنگ و زۆر بداتە دادوەر بۆ ئەوەی بگاتە حوکمێکی راست و دروست و داد پەرەوەر. |
| Student's obligation | پابەند بوونی قوتابی بەئامادەبوون و بەشداری کردن لە بابەتی محازەرە و ئەنجامدانی کویز هەروەها پێشکەش کردنی سیمینارو و راپۆرت پەیپەر شەرح کردنی بابەتی محازرە و خۆ ئامادوکردن بۆ تاقیکردنەوەکان.<br>یاخود بە رێگای ئۆن لاین ، چالاکیەکانی پێشکەش دەکات و وانەکانی وەردەگرێت. |
| Required Learning Materials | 24% Mid Term (Theory and practical)<br>4% Quiz<br>%32Assignments<br>40% Assignment (report, paper, homework, seminar..)<br>25% final practical<br>15% final theory |

**Evaluation**

| Task | | Weight (Marks) | Due Week | Relevant Learning Outcome |
|---|---|---|---|---|
| Paper Review | | 6 | 1 | %6 |
| Assignments | Homework | 10 | 2 | %10 |
| | Class Activity | 2 | 3 | %2 |
| | Report | 4 | 2 | %4 |
| | Seminar | 10 | 2 | %10 |
| | Essay | | | |
| | Project | | | |
| Quiz | | 4 | 8 | %4 |
| Lab. | | | | |
| Midterm Exam | | 24 | 10 | %24 |
| Final Exam | | 40 | 11 | %40 |
| Total | | 100 | | %100 |

| | |
|---|---|
| Specific learning outcome: | 1 ئامانجی تایبەتی بابەت<br>• شیکردنەوەی بابەتەکان بەشیوەیەك بی کە بگونجی لەگەل پرۆگرامی ئەو بەشەی کە یاسایی دادبینی دەخوێندریت, وە هەولمداوە کورت و پوخت بیت وبشیت بۆ خوێندن وەکو پەرتووکی مەنهەجی. |

| | |
|---|---|
| | • دابەشکردن وباسکردنی بابەتەکان بەشیوەیەك کە بگونجیت و ببیتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوکەسانەی لەم بوارە کارکردن لە دادوەران .<br>- دەولەمەندکردنی ئەو بابەتانەی کە لە یاسای دادبینی شارستانی هاتووە بە بریارەکانی دادگای پیداچونەوەی هەریمی کوردستان و دادگای پیداچونەوەی عیراقی هەتاکو پردیك دروست بیت لە نیوان دەقە یاسا نووسراوە و تویرییەکان وە لایەنی پراکتیکی و کرداریيدا.- |
| **Course References:** | 1- علي بركات، الوسيط في شرح قانون المرافعات المدنية، دار النهضة العربية، 2016.<br>2- الدكتور ادم وهيب النداوي، المرافعات المدنية، جامعة بغداد كلية القانون.<br>3- أ.د. أحمد هندي ، قانون المرافعات المدنية والتجارية، دار الجامعة الجديدة، 2010، الإسكندرية.<br>4- ضياء شيت خطاب، الوجيز في شرح قانون المرافعات المدنية، مطبعة العاني، بغداد، 1973. |

| Course topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| حوكمی دادگەری | یەکەم | |
| دابەشکاریەکانی ئەحکام | دووەم | |
| هۆکاری حوکم و ئاسەوارەکانی | سێیەم | |
| نەفازی معجل | چوارەم | |
| ڕێگاکانی تانە گرتن | پینجەم | |
| ڕێ و شوێنی تانە گرتن | شەشەم | |
| جۆرەکانی : نارەزایی لەسەر حوکمی غیابی | حەوتەم | |
| تێهەڵچونەوە | هەشتەم | |
| دووبارە کردنەوەی دادگایی | نۆیەم | |

| | | |
|---|---|---|
| التمييز | دەیەم | |
| راست کرنەوەی بریاری تەمییزی | یازدە | |
| اعترازی کەسانی تر | دوازدە | |
| | | |

| Practical Topics | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

## Questions Example Design

پ1/ پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە : (24 نمرە)

* 1-حوکمی دادگایی 2- حوکمی جی بەجێ کردنی بە پەلە 3- دووبارەکردنەوەی دادگا 4- ڕێگاکانی تانە گرتن.

---

پ2/ وەلامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە :                                                                    ( 20 نمرە )

أ-   **جیاوازی چی یە لە نێوان حوکم و بریار؟**

**ب-جیاوازی نیوان  الاحکام المقررە والمنشئە-** جیاوازي نیوان **حوکمی ئاشکراکەر و دروستکەر** بکة .

---

**پ3/ وەلاَمی هەردوو لق بدەرەوە:**

**لقی یەکەم: ئەم بۆشایانەی خوارەوە  پر بکەرەوە**                                                                    ( 16 نمرە )

1- ماددەی ( 156 ) ی یاسای مرافعات ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر داواکە ئامادەبوو بۆ دەرچوونی حوکم ئەوە دادگا بریار دەدات بە کۆتایی هاتنی دانیشتنەکانی دادگا، پاشان حوکم دەردەکات لە هەمان رۆژ یان لە رۆژێکی تر کە نابیٚ لە ...................... رۆژ زیاتر بیٚ لە مێژووی زانینی لایەنەکان بە کۆتایی هاتنی مرافعەت

2- قرار  تانەی لیٚ ناگیریٚ بە تەنهایی بەڵکو لەگەڵ حوکمەکەدا، تەنها ئەو قرارانە نەبیٚ کە ماددەی ( 216 ) ی یاسای مرافعات باسی کردووە.......................... ، ................................، ................................ .

3- ...........................  ئەو دادگایەیە کە یەکیٚ لە لایەنەکانی دەعوا ئامادەی هیچ دانشتنێکی مرافعە نەبووە لە سەرەتاوە هەتا وەکو دەرچوونی حوکم لەگەڵ ئەوەی کە تبلیغێکی دروست کراوە

4- ئاسەواری یاسایی دەرچونی حوکمی دادگەری بریتیە لە ..................., ......................., .........................,

**لقی دووەم: دەستەواژەی راست لەبەرامبەر رستەی راست دابنی و دەستەواەی هەلە لەبەرامبەر رستەی هەلە دابنی ، هەلە کانیش راست بکەرەوە.**                                                                    ( 12 نمرە )

1- یەکیك لە ئاسەوارەکان دەرچونی حوکم ئەو کێشەیەی کە داوای لەسەر بەرزکرابۆوە دەردەچیٚ لە دەسەلاَتی دادگا.

2- راستکردنەوەی حوکم ئەو دەگەیەنی کە ناوەرۆکی حوکمەکە ناروون و نادیارە هەمووی یان بەشێکی، کە ئەمەش وای دەکرد فەرمانگەی جیٚ بەجیٚ کردن ( مدیریة التنفیذ ) نەتوانیٚ ئەو حوکمە جیٚ بەجیٚ بکات وە نەزانیٚ مەبەستی دادوەر چی یە لەو حوکمە.

3- یاسا چەند هۆکارێکی دیاری کردووە بۆ داواکردنی دووبارە تەماشاکردنی کێشەکە یەکیك لەو هۆکارانە غشە.

---

**پ4/  ماددەی ( 168 ) لە یاسای مرافعاتی عیراقی ئاماژە بە رێگاکانی تانەگرتنی نائاسایی کردووە چین؟ بیان ژمیرە و و بەکۆرتی یەکیکیان باس بکە.**                                                                    ( 28 نمرە )

**مامۆستای بابەت : پ.ی.د. کاوە یاسین سلیم**

**وەلامی نمونەیی**

**پرسیاری یەکەم:**

1- **حوکمی قضائي بريتيە لە بڕیارێکی کۆتایی کە دادگا دەری دەکات بە پێی ڕێساکانی یاسای مرافعات وبە هۆیەوە ئەو کێشەیەی کە بەرزکراوەتەوە بۆ بەرامبەر دادگا یەکلایی دەکرێتەوە.**

2- **ئەو حوکمەیە کە دەکرێ جیٰ بەجیٰ بکریٰ پێش ئەوەی پلەی بەتات وەربگریٰ. وحوکمیش پلەی بەتات وەردەگریٰ لە دوو حاڵەت: بە کۆتایی هاتنی ماوەی تانەگرتن، وبە تەصدیق ودوپاتکردنەوەی دادگا بۆ حوکمەکە.**

3- **پێناسەی ڕێگاکانی تانە گرتن: بریتیە لەو ئامرازە یاسایانەی کە یاسادانەر داینـاوە بۆ ئەوەی حوکم لەسەردراو ( محکوم علیە ) بتوانێت داوای دووبارە تەماشاکردنی ئەو حوکمەی کە لە دژی دەرچووە بکات یاخود ئەو حوکمەی کە هەموو داواکارییەکانی نەهێناوەتە دی، بە ئاما نجی إبگال کردنی ئەو حوکمە یان فسخ کردنی یان نقچ کردنی.**

4- **اعادە المحاکمە: ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی تانەگرتنی نائاسایی بەهۆیەوە حوکم دراو دەتوانیٰ داوای سەر لەنویٰ تەماشاکردنی داواکە بکاتەوە لەبەر بوونی یان دەرکەوتنی ناڕاستیەك یان غەشێك کە حوکمەکە پشتی پێی بەستووە.**

**پرسیاری دووەم:**

**جیاوازی چی یە لە نێوان حوکم و قرار؟**

* وە/ 1- **حوکم بریتیە لە بڕیارێکی کۆتایی کە دادوەر دەری دەکات بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشەیەی بۆی بەرز کراوەتەوە، بەڵام قرار ئەو بریارەیە کە دادوەر دەری دەکات لە کاتی تەماشاکردنی کێشەکە وەکو یارمەتی دەرێك بۆ یەکلایی کردنەوەی داواکە.**

* 2- **حوکوم لە ئەسڵی ئەو مافە دەکۆلێتەوە کە کێشەی لەسەرە، بەڵام قرار لە ئەسڵی ئەو مافەی کێشەی لەسەرە ناکۆلێتەوە.**

* 3- **دادوەر بۆی نیە لە حوکوم پاشگەز ببێتەوە پاش ڕاگەیاندنی، بەڵام دادوەر بۆی هەیە لە قەرارەکەی پاشگەز بێتەوە بە مەرجیٰ باسی هۆیەکەی بکات لە مەحزەری داواکە.**

* 4- **حوکوم پێویستی بە تەبلیغات هەیە، بەڵام وەکو بنەمایەکی گشتی قرار پێویستی بە تەبلیغات نییە.**

* 5- **حوکوم کە دەرچوو دەکریٰ تانەی ( گعن ) لیٰ بگیریٰ، بەڵام قرار تانەی لیٰ ناگیریٰ بە تەنهایی بەڵکو لەگەلٰ حوکمەکەدا، تەنها ئەو قرارانە نەبیٰ کە ماددەی ( 216 ) ی یاسای مرافعات باسی کردووە.**

**الاحکام المقررە والمنشئە:**

* 1- **الحکم المقرر (الکاشف): ئاشکرا کەر ئەو حوکمەیە کە حاڵەتێك دوپات دەکاتەوە کە بوونی هەبووە پێش وەقت،**

**بێ ئەوەی یەکێ لە لایەنەکان ناچار بکات بەکارێکی دیاریکراو. بۆیە ئەم حوکمە تەنها پەیوەندیەکی یاسایی دیاریکراو دوپات دەکاتەوە و شك و گومان لە دەوری ناهێڵێ، بۆ نموونە دوپات کردنەوەی پەیوەندی خێزانی یان دروستی گرێبەست .... هتد.**

* 2- **الحكم المنشئ: دروستکەر ئەو حوکمەیە کە مەرکەزێکی یاسایی یاخود مافێکی تازە دروست دەکات یان دەیگۆرێت یان کۆتایی پێ دێنێ، بۆ نموونە ئەو حوکمەی کە دەردەچێ بە افلاس کردنی بازرگانێ.**

**پرسیاری سێیەم:**

**لقی یەکەم**

1- 15 **رۆژ**

2- القرارات الصادرة من القضاء المستعجل - الحجز الاحتياطي - القرارات الصادرة في التظلم من الاوامر على العرائض - القرارات الصادرة بابطال عريضة الدعوى

3- **خروج النزاع من ولاية القاضي - حسم النزاع بشأن الحق موضوع الدعوى - حجية الامر المقضي فيه**

**لقی دووەم**

10 **راستە**

2- **هەلەیە ( راڤەکردنی حوکم )**

**راستە**

**پرسیاری چوارەم:**

* **وە ماددەی ( 168 ) لە یاسای مرافعاتی عیراقی ئاماژە بە رێگاکانی تانەگرتنی کردووە کە ئەمانەن:**
* **الاعتراض على الحكم الغيابي.**
* **الاستئناف**
* **اعاده المحاكمه.**
* **التمييز.**
* **تصحيح القرار التمييزى.**
* **اعتراض الغير.**
* **استئناف – تێهەڵچوونەوە- رێگایەکە لە رێگاکانی تانەگرتنی ئاسایی، ئاما نجی دووبارە تەماشاکردنی حوکمێکە لە**

ئەحكامەكانی دادگای بەرایی لە ڕووی واقع وياساوە هەتا دەگاتە ابگال يان فسخ كردنی ئەو حوكمە و دەرچواندنی حوكمێكی تازە يان تعديل كردنی ئەو حوكمە.

ئەو حوكمانەی كە دەكرێ تانەی لێ بگيرێ بە ڕێگای استئناف چين

* 1- ئەو حوكمانەی كە لە دادگای بەرايی دەردەچێت بە پلەی يەكەم لەو داوا مەدەنيانەی كە بەهاكەيان لە هەزار دينار زياترە، جياوازی نی يە دەعواكە هی قەرزە يان منقولە يان عقارە.

* 2- ئەو ئەحكامانەی كە دەردەچن و پەيوەنديان هەيە بە بابەتی افلاس جا هەر چەندێ بێت بەهاكەی.

* 3- ئەو ئەحكامانەی كە دەردەچن و پەيوەنديان هەيە بە بابەتی تصفيەی كۆمپانياكان جا بەهاكەی هەر چەند بێ.

* پ/ موددەی تانە گرتن بە ڕێگای استئناف چەندە؟


* ماوەی تانەگرتن بەم ڕێگايە (15) ڕۆژە دەست پێ دەكات لە ڕۆژی دواتر لە تەبليغ كردنی حوكمەكە بەلايەنەكان.

إجراءات الطعن بطريق الإستئناف:

* تانە گرتن بە ڕێگەی استئناف بە عەريزە بەرزدەكر ێتەوە بۆ ئەو دادگا استئنافی يەی كە دادگاكە پاشكۆيەتی ياخود بەرزدەكرێتەوە بۆ هەمان ئەو دادگايەی كە حوكمەكەی دەركردوە، وە لە هەر دوو حاڵەتدا پێويستە كەسی تانەگر بەم ريگەيە (مستأنف) هەمان ئەو مەرجانەی تێدابێ كە پێويستە بۆ قبول كردنی دەعوا لە اهليە وصفە ومصلحە، هەروەها پێويستە سەرەڕای ئەو بەياناتانەی كە دەبێ لە عەريزەكەدابێ وەكو دەعوا ئەوا پێويستە ئاماژە بەو شوێنە بكات كە مستأنف هەڵی دەبژێرێ بۆ مەبەستی تەبليغ كردن وپوختەيەك لە حوكمەكەو ئەو دادگايەی كە دەری كردوە ومێژوی دەرچونی وهۆكارەكانی استئناف وداواكاريەكانی مستأنف. ودادگای استئناف هەڵدەستێ بە تۆماركردنی ئەم عەريزەيە وڕەسمی لێ وەردەگرێت وڕۆژی تەماشاكردنی دياری دەكات وتبليغی لايەنەكان دەكاتەوە لەگەڵ تبليغ كردنی ئەو دادگايەی كە حوكمەكەی دەركردوە بە مەبەستی ناردنی ئيزبارەی دەعواكە.

**Extra notes:**

**External Evaluator**




بابەت یاسای دادبینی شارستانی /2

1-ناونیشانی بابەت و دیاری کردنی کریدت و کۆدی بابەت و ناو ئیمیلی مامۆستای بابەت بەریکی ئامادە پیکراوە.

2-گرنگی و ئامانجی بابەتەکە ئامادە پیکراوە کە یەکیکە لە گرنگترین بابەتەکانی خۆیندنی قوتابیان لە سمستەری سی و چوارەمی پەیمانگە.

3-دیاری کردنی نمرەی چالاکیەکانی ئامادە پیکراوە .

4-دەرنجامی فیربوونی و ئەرکەکانی قوتابیان ئامادە پیکراوە .

5-بابەتەکە بە پیی (12) هەفتەی خۆیندن دیاری کراوە .

6-لە کۆتایدا پرسیار و وەلامی نموزەجی ئامادە کراوە.

د. امیرە جعفر شریف

بەشی کارگیری یاسایی- هەولیر